
# گەرمیان پڕ بووە لە ڕۆژنامە

## ڕۆژنامەنووسەکان خوازیاری باشکردنی چۆنیەتی ڕۆژنامەکانن

ڕاپۆرتی هێمن بابان




پاش بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە دەڤەری گەرمیان، زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو دەڤەرە ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی نەرێنی دەدەنە قەڵەم و پێیان وایە کە دەبێت ئەو چەندایەتییەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بگۆڕێت بۆ چۆنیەتییەکی باش.

زۆری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان هەموو کاتێک ئاماژەیەکی باش و ئەرێنی نیین بۆ بوونی ئازادی و ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر، بەڵکو زۆرجار بەربڵاوی و فراوانی و ژمارەزۆری ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە ئاماژەیەکی ترسناکە بە نەبوونی ئازادی و هێمایەکی زەق و زۆپە بەو دۆخەی کە کورد ناوینەوە " کەس وەرەقەی کەس ناخوێنێتەوە ". پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی ئاسۆ بە ڕووی ئازادییەکی فراوانتر بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و زۆربوونی سەرچاوە داراییەکان بۆ ئەم پیشەیە گەرمیانیش وەکو ناوچە هاوشێوەکانی ئەم دیاردەیەی بە ڕوونی تێدا دەبینرێت و گەیشتۆتە ئاستێک کە هەندێک لە ڕۆژنامەنووسەکان بانگەشەی سنووردارکردنی ئەم بەربڵاوییەی ڕۆژنامەکان دەکەن.

"لەگەرمیاندا کەسانێک پەیدابوون خەریکە بەو هەڵپە نامەشروعەیان و لەسەر حیسابی ئەم پیشە پیرۆز و جوانە حەیای هەموومان دەبەن" بێستون زاڵەیی سەرنوسەری ڕۆژنامەی"کەنار" کە یەکێکە لە ڕۆژنامەکانی دەڤەری گەرمیان وایگوت. بێستوون کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی پیشەی ڕۆژنامەنوسییە ووتی " بەگشتی جوڵەیەکی ڕۆژنامەوانی هەیە کە جێگەی ئومێدە، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەزعیەتی ئەم ڕۆژنامانە لەبارودۆخی سەرەتای شۆڕش ئەچێ لە وڵاتێکی دواکەوتوودا، جۆرێک لەفەوزا و لاساییکردنەوە وهەڵەشەیی هەیە بۆ گەندەڵیش ڕاستە سەرچاوەی دارایی بەشێک لەم ڕۆژنامانە دیار وڕوون نییە هەروەك وەزارەتی ڕۆشنبیری- سلێمانی کە کۆمەکی میدیای ئازاد دەکا ئەویش برێك پڕۆژە دەعم دەکات و ئەمەش بەزۆری واسیتەکاری و پەیوەندی شەخسی وناسراوی دەکرێت "

حەمید عەلی کە چاودێر وخوێنەرێکی بەردەوامی ڕۆژنامەکانی گەرمیانە ئەڵێت" ڕۆژنامەکانی ئەم دەڤەرە تاڕادەیەکی کەم جێی خۆیان لە زیهنیەتی خوێنەردا چەسپاندووە، ئەمەش بەڕای من ئەگەڕێتەوە بۆ دووبارەبوونەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژنامانە و دەست تێوەردانی حیزبی ئەگەرچی هەندێکیان ئیدیعای سەربەخۆیی دەکەن"

دەرچواندنی ڕۆژنامە کارێکی هەرواسانا نییە و پێویستی بە سەرچاوەی دارایی ومرۆیی سەربەخۆ هەیە تا بێ لایەنی خۆی بپارێزێت کەچی زۆرێك لە ڕۆژنامەکانی ئێرە وەکو فرمێسك جەبارخانەقینی سەبارەت بەسەرچاوەی داراییان گومانی زۆری هەیە، فرمێسك ئەڵێ " بەداخەوە لێرە بۆتە نەریت هەر مەسئولێك کۆمەڵە گەنجێکی گرتووە وخۆی کردۆتە خاوەن ئیمتیاز و بە هەوەسی خۆی ئاڕاستەیان ئەکات و هەرچۆنێکی بوێت وا دەکات، یان ئەبینی لەوهەموو ڕۆژنامەیە بێلایەنێکی ڕاستەقینەی تیا نییە لەو کاتەی سەرجەمیشیان دەنووسن ڕۆژنامەیەکی ئەهلییە و کۆمەڵێك گەنجی سەربەخۆ دەریدەکەن، یان بێلایەنی ئەکەنە دروشمێك کە بەدڵنیاییەوە بێلایەنی لێیان بێبەرییە وهەموویان ئۆرگانی حیزبین"

ئەگەرچی لێرە زۆرینەی ڕۆژنامەکان

باس لەگەندەڵی ئەکەن بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە کە خۆشیان قسەیان لەسەرە کە بە گەندەڵییەوە گلابن و زۆرێك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان بەم تۆمەتە تاوانبارکراون. دانا نەقی کە بەرپرسی ناوەندی گەرمیانی ڕێکخراوی هاموونە گلەییەکی زۆر لە ڕۆژنامەکانی ئەم ناوچەیە ئەکات چونکە بەوتەی ئەو پڕن لەگەندەڵی.

ئەمیر حاجی شەریف کە نووسەرێکی ناوچەی گەرمیانە پێیوایە کە ڕۆژنامەکانی گەرمیان تا پلەی بێتامی ناوچەگەرییان پێوە دیارە و ئەو سنوورە نابەزێنن ئەو ووتی "چەقبەستوو و پەنگخواردووی ئێرەن ونەیانتوانیوە ببنە ڕۆژنامەی گەلێك و لەئاستی ناوچەیی دەربچن. بگرە ئەو ڕۆژنامانە هێندە وابەستەن تەنها لەسنووری ئەو قەزایەی یان ئەو ناحیەی لێی دەرئەچێ قالبی گرتووە "

ئەم لاوازییەی ڕۆژنامەکانی تێیکەوتوون هەندێك بۆ تەمەن کورتی ڕۆژنامەگەری ناوچەکە و هەروەها بۆ نەبوونی داراییەکی تەواو وسەرچاوەیەکی سەربەخۆ ئەگێڕنەوە ئەمە وەك هەندێ لەسەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکان ئاماژەی بۆ ئەکەن. بەلاّم ئاری عوسمان خەیات کە بۆخۆی بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی ((خۆرنەوەزان))ە کە یەکەمین ڕۆژنامەی مۆڵەتپێدراوی ناوچەکەیە ڕایەکی تەواو پێچەوانەی ئەوانەی هەیە، ئاری ووتی" ئەو شالاّوی ڕۆژنامەدەرکردنەی ئەمڕۆ گەرمیانی تەنیوە، بەجۆرێك کەهەر گروپێك پێك دەکەون و ڕۆژنامەیەك دەرئەکەن، چ نیە بەدەر لە حاڵەتێکی چەندێتی نەك چۆنێتی. واتە ئەوانەی کە ڕۆژنامەکان بەڕیوە ئەبەن هێندەی مەبەستیانە بوترێ(ئەح جەریدەشیان هەیە) ناخوازن کە کارێك بکەن دانسقە بێ "

ئەگەر ئەمە کەمێك بێت لەو گرفتانەی کە لە ڕۆژنامەکانی گەرمیاندا هەن و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ڕۆژنامەگەر و بەڕێوبەرانی ئەو ڕۆژنامانەوە ئەوا بەدیوێکی تردا خوێنەرانیش تێڕوانین و تێبینی خۆیان لەسەر ئەو بلاّوکراوانە هەیە. فریاد حوسێن کە خوێندکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفرییە ئەڵێت " ڕۆژنامەکانی گەرمیان زۆر و بۆرن ومەبەست لە دەرچواندیان بۆ مەرامی شەخسیی و خۆدەرخستنە نەك بۆ وروژاندنی بابەتگەلێکی هەستیارکە سەرنجی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێت "

یەکێکی تر لە گرفتە هەرە قوڵ و سەرەکییەکانی ڕۆژنامە و بلاّوکراوەکانی ئەم دەڤەرە لە ڕووی خوێنەرانییەوە گرفتی کات و بلاّونەبوونەوەی ئەو بلاّوکراوانەیە لەکاتێکی یاریکراودا، شەیما حسن خوێندکارێکی پۆلی شەشەمە ئەو لەوبارەیەوە وتی " ئەفسوس ڕۆژنامەکانی ئێرە بەپێی پێویست گرنگی بە کات نادەن، ئەسڵەن هی وایان تیایە پێم باشە لەسەری بنووسن چکاتێك زەوقمان بوو دەریئەچوێنین یان هەندێك مانگانەن جا لەسەرەتای مانگەکەوە تا کۆتایی مانگەکە بەکەیفی خۆیانە کەی دەریئەکەن جاری واهەیە دەی مانگ جاری واهەیە ناوەڕاستی مانگەکە وهەندێ کاتیش ئەکەوێتە کۆتاییەوە، بەڕاستی ئەمەش خوێنەری زویر کردووە بەتایبەت ئەوانەی بابەتیان بۆ ئەنێرن بۆیە پێویستە ئەم خاڵە چاك بکەنەوە"

هەر دەربارەی ئەم باسە سەروەر کەریم کە مامۆستای زمانی عەرەبییە ووتی" بەداخەوە ڕۆژنامەکانی گەرمیان ڕوویەکی تەواو کەمتەرخەمی وناتەواوییان پێوە دیارە هەر لەهەڵەی هونەری کە هەڵەیەکی یەکجار زۆر و وێرانکەر لە بابەتەکاندا هەیە سەرباری ئەو هەڵە ڕێزمانی و زمانەوانیە بەربلاّوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی تەنیوە ئەبینی ڕستەکان تەنسیقیان نیە یان وەرگێڕانەکان زۆر سەقەتن "

فرۆشی ڕۆژنامە و برەوسەندنی لە بازاڕدا و خوێندنەوەی زۆرترین ژمارە لەو ژمارانەی بلاّودەبنەوە ئاماژەی سەرکەوتوویی و تەندروستی جۆر و ستایلی کارکردنی ئەو ڕۆژنامەیەن محەمەد حاجی ستار کە ڕۆژنامەفرۆشێکی گەرمیانییە ئەڵێت"بەدڵنیاییەوە ئەیڵێم ڕۆژنامەی وا هەیە تەنها شەش حەوت دانەیەکی سەرف ئەبێ چونکە زیاتر حزبیە یان شتی ناماقوڵ وکەس و بابەتی نەشیاوی زۆری تیایە، هەواڵەکانی کۆنن وزۆرینەی قسەکانیشیان بە بەڵگەی تەواو وسەرچاوەی ڕاستەقینەوە ناخەنە ڕوو و زۆر جار چەند کەسێك دەست بەسەر ڕۆژنامەیەك دەگرن و قۆرخی ئەکەن ئەمەش بەڕاستی کاردەکاتە سەر فرۆشتنی، ئەوەتا من دوو ڕۆژنامەی دیکەی ئەهلیم بۆ دێ وگەرمیانیش نین بەلاّم جەوماوەری خۆیان هەیە وخەڵك بەدوای ژمارەکانەوەن و خوێنەرێکی زۆریان لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوە چونکە ئەو خاڵە بێهێزانەی لە ڕۆژنامەکانی ئێرە هەن لای ئەوان نیین ". هەر لەبارەی کەموکورتی و لایەنە سەلبییەکانی ڕۆژنامەکانی گەرمیانەوە دلێر کەلاری ووتی" لە واقیعدا ڕۆژنامەکانی ئێرە چ لە ڕووی یاسای ڕۆژنامەنووسی وچ لە ڕووی یاساوە زۆرێك هەڵەیان لێ تێبینی ئەکرێت بۆ نموونە تەشهیر وجنێودان ووتۆمەتدانە پاڵ یەکتر یەکێکە لە چالاکیان یان ئەبینی زۆرێك بێ سەروبەرییان پێوە دیارە وکەسانێکی کەم شارەزا دەریانئەچوێنن بۆیە پڕن لە کەم وکورتی."

هەموو ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەگەری لە دەڤەری گەرمیان لە قەیرانێکی قوڵدایە و پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی زۆر و وورد و بێلایەنانە هەیە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس و ئەوانەی لەم بوارەدا هەڵدەسوڕێن ئاوڕێك بەو لایەنە خراپانە نەدەنەوە ئەوە لە داهاتوودا خوێنەر و ئەوانەی بەشوێن ئەو ڕۆژنامانەوەن قسەیەکی تریان دەبێت و ئەو سەرەتا باشەی کە بۆ ڕۆژنامەگەری لەو دەڤەرەدا هاتە کایەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.